# درێژەی پاكتاوی رەگەزی كورد لەشاری كەركوك:

# كوردی كەركوك لەبەرانبەر پلان و پاكتاوی رەگەزی پاش پرۆسەی ئازادی عیراقدا !!

*ئەحمەد عەزیز _ كەركوك*

*2004/5/9*



گەلی كورد لەشاری كەركوك لەسەدەی بیستەمدا لەسەر ئاستی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا دووچاری توندوتیژترین و خوێناوی ترین سیاسەت و پرۆسەی پاكتاوی رەگەزی (Genocide) بوبۆوە لەماوەی 80 ساڵی رابردوو لەسایەی دەوڵەتی عیراقدا ، هێشتا كورد لەشاری كەركوك تەواوەتی هەناسەی سەرفرازی هەڵنەكێشاوەو ئێسكوپروسك و تەرمی كۆمەڵكوژی و سەرنگوم كراوەكانی سنوری كەركوكی هەڵنەگرتۆتەوە ، تا لەمەراسیمێكی شایستەدا بەخاكی پسپێرێت و (مۆنۆمێنتێك) وەك هێمایەك بۆ ئەو قوربانیانە دروست بكات ، روبەرِوی پلانێكی تری تیرۆری رێكخراوی بەرفراوان بۆتەوە لەشاری كەركوك لەسەر نەخشە و ئاراستەی شۆڤێنیزمێكی ئاوێتە بوی عەرەبی و تۆرانی توند رەو ، عەرەبی: ئەو عەرەبە توند رەوانەی لەرِیزەكانی بەعسی لەناوچودا ، تینۆتیان بەهەموو ئەو تاوانانە نەشكاوە كە لەسەر دەستی پارتە پێشرەوەكەیان (حزبی بەعس) ئەنجام درا بەرانبەر بەخەڵكی بێ دیفاعی ئەوسای كورد لەگەڵ ئەو توركە تۆرانیانەی هێشتا مەستی دەسەلاتی كەمالیزم و ئەو دەسەلاتەی بەعس پێی بەخشیبوون لەكاتی خویدا بەری نەداون وچاویان بەسادەترین و سەرەتایترین ماف ودەسەلات بۆكورد هەڵنایەت لەشاری كەركوك و كەوتونەتە گێرانی جۆرەها پلانی نارەواو گرتنە بەری رێگای تیرۆرو تێكدانی باری ناوچەكە لەدژی ئەو هەولانەی كورد خستویەتی گر بۆ بوژاندنەوەو بەرێوەبردنی شاری كەركوك و دامەزراندنی بناغەی كۆمەڵگایەكی شارستانی مۆدرێن وهێنانەكایەی زەمینەی پێكەوە ژیانی مەزهەب ونەتەوەكانی شاری كەركوك بەتەبایی وئاشتی، بەمەبەستی لەباربردنی ئەم ئەزمونە نوێەی كە كورد دەبێتە هەوێنی هێنانە دی وبەئاكام گەیاندنی.

گەلی كورد لەماوەی خەباتی درێژ خایەنی وبە تایبەت 13 ساڵ ئەزمونی رابردووی بەرێوەبردن و بنیاتنان و بوژاندنەوەی كوردستان ، بۆ تەواوی ناوچەكە و جیهانی سەلماند كە میللەتێكی شارستانیە ونەك توانای بەرێوەبردنی كوردستان ، بەڵكو توانای دامەزراندنی بناغەی كۆمەڵگای دیموكراسی سەرجەمی عێراقی هەیە و وەرگرتنی متمانەی بەرێوەبردن و سەرۆكایەتی كردنی عیراق سێ مانگ لەلایەن سێ كەسایەتی كوردەوە بەرێزان (مام جەلال ، موحسن عبدالحمید ، مەسعود بەرزانی) و وەرگرتنی پۆستەكانی وەزارەتی دەرەوە و پیشەسازی و سەرچاوەی ئاو و كانزاكانی عێراق زیندوترین نمونەی سەلماندنی ئەو راستیانەن .

لە پاش پرۆسەی ئازادی تا ئەمرۆ كە دەكاتە نزیكەی ساڵێك ، بە تەنها كورد ( 130 ) كە سی لە ناوچەی كەركوكدا لێ تیرۆر كراوە لە كۆی ( 216 ) كوژراو بۆ هەموو نەتەوەكانی تری ناوچەی كەركوك تەنها ئەوانەی لە ( نەخۆشخانەی كەركوك - الطب العدلي ) تۆمار كراوە و لە بەرانبەردا لە گشت نەتەوەكانی تر (86) كەس كوژراوە ( 73 عەرەب ، 11

www.kurdistannet.org

**تورکامن ، 2 کلدو اشوری )[1] ، هەوەها لە ماوەی رابردوو هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولرەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوك ، خەتاب عومەر (خەتابە ڕەش ) بەرێوەبەری گشتی پۆلیسی فریاکەوتنی کەرکوك ، جەمال حەمە شکور بەرێوەبەری شارەوانی کەرکوك ، عەمید سالار بەرێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی کەرکوك (بریندار کرا بە TNT ) ، موقەدەم نەریمان لێپرسراوی ئاسایشی دەزگای گازی باکور (بریندارە) ، ناسر حەسەن بەرێوەبەری تەلەفزیۆنی العراقیە - کەرکوك ( بریندارە ) ، هەروەها هەوڵی تەقاندنەوەی مەڵبەندی دووی رێکخستنی (ی . ن . ك) ، دەزگای شەفەق ، دەزگای هەواڵ ، کۆمەڵەی رووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك ، کە هەر هەمووی دەزگای و کەسانی چالاکی کوردە ، لە شاری کەرکوك.**

**هەڵبەتە پێ دانەگرتنی لایەنە سیاسیەکانی کورد لە بەغداد و کەرکوك لە سەر مافە سەرەکیەکانی کورد ، لەو ناوچانەی کە دووچاری سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی بوبونە (تەرازوکردنی ئەنجومەن و دامودەزگاکانی کەرکوك بە گوێرەی رێژەی نەتەوەکان ، گێڕانەوەی ئاوارەکان ، لە گەڵ گێرانەوەی ئەو قەزاوناحیانەی لە کەرکوك دابڕێندرابوون بۆ کەرکوك ، بردنەوەی عەرەبە هاوردەکان و گواستنەوەی سجلاتی نفوسیان بۆ ئەو ناوچانەی لێوەی هاتون ) و ئەمانە و چەندین مافی زەوت کراومان تا ئیستا ، کە نەدەبوو دەستبەرداریان بین و سازشیان لە سەر بکەین لە لایەك و لە لایەکی ترەوە سستی گروپی کورد لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ، کە تا ئیستا نەیتوانیوە هیچ کام لەو مەلەف و ملفە سەرەکییانەی کورد بگێڕێتەوە کە نوێنەرایەتی دەکەن ، نەوروژاندنی ئەو پرۆسەی تیرۆرەی کە لە دژی کورد خراوەتە گر... ، هۆی سەرەکی و لەمپەڕن ، لە بەرانبەر سەلماندنی کوردستانی بوونی کەرکوك ، لە گەڵ هاوپەیمانانیش لایەنی کورد نەیتوانیوە وەکو پێویست بناغەی هاوپەیمانێتی و بەرژەوەندی هاوبەش دابمەزرێنێت ، گەر بێت و بەراوردی لایەنی تورکمان و عەرەب بکەین لە شاری کەرکوك لە گەڵ کوردا دەبینین هاوپەیمانێتیەکی پتەویان لە نێوان خۆیاندا دامەزراندووە وەك ﴿عەرەب - تورکمان ، سونە و شیعە (باڵە توند ڕەوەکانی عەرەب و تورکمان)﴾ هەروەها بە بێ ئەوەی هاوپەیمانی ستراتیجی ئەمریکا بن لە ناوچەکە توانیویانە دۆستایەتیەك دروست کەن لە گەڵ دەسەڵاتی هاوپەیمانان و ئەمریکا و بۆ لای خۆیان کێشەکانیان ڕایانبکێشن و بیقۆزنەوە .**

**بەوەی هەمیشە خۆیان بە ماف خوراو نیشان داوە ، راپۆرتی (رۆن شلیکەر)[2] نێردراوی باڵیوز (بریمەر) بۆ گەڕان بە دوای راستیەکان لە کەرکوك و هەڵوێستی ( ئیما ساکای ) نوێنەری باڵیوز بریمەر لە کەرکوك باشترین بەڵگەی ئەو ڕاستیانەن.**

---

(2) [1] **لیستی ناوی کوژراوەکانی شاری کەرکەك لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق تا ئامادەکردنی ئەم بابەتە لە نەخۆشخانە (نەخۆشخانەی کەرکوك - الطب العدلي ) وەرگیراوە و،وێنەی لە بەردەستماندایە.**

[2] **لە ئەنجامی کشانەوی نوێنەری تورکمان و عەرەب لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لە مانگی (2004/2) تا (2004/4/25) پۆل برەیمەر نێردراوی خۆی رەوانەی کەرکوك کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە باری شاری کەرکوك و کێشەکان بە ناوی رۆن شلیکەر ، سەرئەنجام راپۆرتێکی بەرزکردەوە بۆ پۆل برەیمەر و سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی کەرکوك ، زۆربەی کێشە و کەمو کوڕیەکانی شاری کەرکوکی خستۆتە پاڵ کوردەوە.**

بۆیە پێویستە لە سەر جولانـەوەی سیاسـی کـورد چاوێك بـە سیاسـەت و بەرنامـەکانی خۆیـدا بگێرێتـەوە سـەبارەت بـە کەرکوك تا کار لە کار نەترازاوە ، ئەگینا دواتـر کۆنترۆڵ کردنـی کـارێکی هێنـدە سانا نابێت ، هـەنگاوی یەکـەمیش بـە گۆڕینی ئەو ئەندامە کوردانەی سست و لاوازن دەست پێ بکات کە لە سـەر بناغـە وپرەنسـیپی (کەسـی شـیاو بـۆ جێگـای شیاوی خۆی) دانەنراون و تا ئیستا هـیچ رۆڵێکیـان نـەبینیوە ، کـورد وتـەنی هـەبون و نـەبونیان لـەو ئەنجومەنـە دا بـۆ کورد یەکە و دەکرێت لە بوارەکانی تردا سودیان لێ ببینرێت ، هـەروەها پێویسـتە لـە سـەر لایـەنی کـورد لـە هەڵوێسـتی ناوبژیوانی و بەرگیدا نەمێنێتەوە ، چونکە شەڕەکە گەشتۆتە نـاو مـاڵی کوردەوە و هەڕەشـە لـە بـوونی دەکـات ، هێشـتا خوێنی کاکە هیوا نەجیب محمد ( بەرێوەبەری گشتی کشتوکاڵی کەرکوك ،) ووشك نەبووەتەوە تورکمانەکان داوای جێگـا و پۆستەکەی دەکەن !!.

دیارە لە سیاسەت و هاوپەیمانێتیدا بەرژەوەندی هاوبەش هەیە و ، لە سەر لایەنەکانی ناو هەر هاوپەیمانێتیەك لە کاتی پێویستدا پارێزگاری و بەرگری لـە یەکتربکـەن و ڕەچاوی بەرژەوەنـدێکانی یـەکتر بکـەن وەك نمونـەی پـەیمانی وڵاتـانی ئەوروپا ، پەیمانی ناتۆ ، هاوپەمانێتی ئیسرائیل – ئەمریکا ، گەر لە بازنەی ئەو پرەنسیپە ترازا ، نـاوی هاوپـەیمانی لـە ئەو پەیوەندیەدا جێگای نابێتەوە ، چـونکە ڕاپـۆرتی رۆن شـلیکەر نێـردراوی بـاڵیوز بریمـەر تـەواوی خاڵـەکانی لـە دژی کوردە ، هەروەکو ئەوەی تورکمـان عەرەبـە توندڕەوەکان ئـەو ڕاپۆرتـەیان دارشـتبێت و ئامادەیـان کردبێـت ، هەڵوێسـتی خاتوو ئیما ساکای نوێنـەری بریمـەر لـە شـاری کـەرکوك هەمیشـە بـەوە ناسـراوە کـە لایـەنگری تورکمـان و عەرەبـە لـە بەرانبەر بە کورد ، نەك لە سەر بنەمای ڕاستی و دادوەری بۆ بەرژەوەنـدێکانی خەڵکی کەرکوك ، بەڵکو بـە پێچـەوانەوە ، سەرەڕای ئەوەی کورد بەردەوام هاوکاریان دەکات ، وەك هاوپـەیمان .

بۆیە پێویستە جولانەوەی سیاسی کورد بە هەموو باڵـەکانێوە لـە شـاری کـەرکوك داوای گـۆڕینی ئیماسـاکای بکـات و بـە هاوپەیمانان رابگەیەنێت ، گەر ئاسایشی کوردیان لە شاری کەرکوك پێ ناپارێزرێت پێویستە رێگای لێ نەگرن ، کە خۆی بەرگری و پارێزگاری لە خۆی بکات ، ئەگینا تا سەر کورد ناتوانێت خـۆی بـە دەسـت بەسـتراوی بهێڵێتـەوە و چـاوەڕوانی ئەمریکا بکاتە بەم شێوەیەی ئێستا ، چونکە ڕووبەڕوی نەخشـەیەکی دارێـژراوی رێکخـراوی تـیرۆر بۆتـەوە بـە مەبەسـتی لاواز کردن و لە باربردنی توانا و دەسەڵاتی کورد لە شاری کەرکوك.